هاوڵاتی
hewal_hawlati@yahoo.com
ژمارە (٥١٧) یەکشەممە ٢٠٠٩/٤/١٩

مەسعود بارزانی دەڵێ ئێمە هەموو بازگەکانیشمان تەبلیغ کردووە، کە دژی د.عەبدولمسەور بەهەموو شێوەیەك رەفتار بکەن و دەشڵێت من بەرپرسیارنیم لەهەڵوێستی ئەم خەڵکانە ئەگەر شتێکی لێ بەسەرهات، لەبەرئەوە واچاکە نزیکی ئێرە نەبێتەوەو نامەوێت لەو ناوچەیەی کەمن حوکمی تێدا دەکەم نزیك بێتەوە، ئەگەر نا گلەیی لەمن مەکەن، چونکە خەڵکی تر بەرپرسیارە لەم رەفتارانەو من بەرپرسنیم.

"دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمان داخوازییەکی مێژووییە"

د.عەبدولمسەور بارزانی سەرۆکی لیستی بزوتنەوەی چاکسازی کوردستان بۆ هاوڵاتی

سازدانی: ئالا لەتیف

بارزانییەکان بۆ جارێکی تر دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لەساڵی ٢٠٠١دا، بە جیا لەپارتی دیموکراتی کوردستان لیست دروستدەکەن و خۆیان کاندید دەکەن بۆ پەرلەمانی کوردستان.

عەبدولمسەور بارزانی سەرۆکی لیستەکە ئاشکرایدەکات، کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی، هەرەشەی لێکردووە، ئەو هەڵوێستەشی دژ بەدیموکراسیو بانگەشەکانی پارتی دایە قەڵەم. هاوکات باس لەوە دەکات ئەوان لەدژی کەس و لەبەر خاتری کەس لیست دروستناکەن، بەڵکو دەیانەوێت بەشداری بکەن لەچاکسازی لەکوردستان.

هاوڵاتی: لەژمارەی پێشوی هاوڵاتیدا باست لەوە کردووە، کە هەرەشەتان لێکراوە، دەکرێت بەپوختی ئەو هەرەشانەمان بۆ باس بکەیت؟

د.عەبدولمسەور: لەدوای گەڕانەوەی کاك مسعود لە ئەوروپا بەدوای ناسیاوێکی نارد ئەویش گوتی بێگومان باسی تۆ کراوە، چونکە تۆ چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیت کردووە لەبەرواری ٢\٣\٢٠٠٩ لەگەڵ کەناڵی (KNN)، کاك مسعود بەدوای کابرایەکی ناردبوو ئەویش لەمنی پرسی بەدوور نازانم کە بابەتەکە دەربارەی تۆ بێتو بابەتی لیستەکە بێت، ئەگەر پرسیاری کرد دەربارەی ئەوە من چی بڵێم؟ منیش لەوەڵامدا بۆ کابرای وەسیت وتم، کە ئێمە لەو بڕوایەداین نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمانی کوردستان، هەروەك لەچاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکەدا باسم لێکردووە، بەکەموکورتییەکی زۆر زۆر گەورە حیساب دەکرێت. دابەزینی ئێمە بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەیە بەشێوەیەکی زۆر دیموکراسیو شارستانی. ئەگەر ئەم مەسەلەیەش بێت مادام ئەم هەڵبژاردنە، وەك ئەوەی باس دەکرێت بەشێوەیەکی دیموکراسیە، ئێمەش بۆمان هەیە بەلیستێکی تایبەت دابەزین، چونکە ئێمە گروپێکین کەبۆچوونێکی تایبەتمان هەیە بەرامبەر بەکێشەکانی میللەتو وڵاتی خۆمان کە هەمیشە ئاشتیانە بووەو دوور بووە لە هەڵوێستی توندوتیژی، ئێمە دژی هیچ کەسێك نین، بەڵام حەز دەکەین دەنگمان ببیسترێت، چونکە هەڵوێستی خۆمانمان لا پەسەندە.

بۆ زانیاریش ئیمکانیاتی مادی ئێمە زۆر زۆر لاوازە بەرامبەر بەهەندێك لایەنی تر، ئێمە بەکاك مسعود دەڵێین کە ئەو (٦) کەناڵی ئاسمانی هەیە، ئەگەر من بەهەڵەدا نەچم چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی هەیە، ئێزگەی هەیە کەنازانم ژمارەیان چەندە لەشارو چارۆچکەکاندا، هەروەها رۆژنامە کە نازانم ژمارەو تیراژیان چەندە ،جگە لەگۆڤارەکانو لەئاستی ئابووریش ئیمکانیەتێکی مادی زۆر زۆریان لەبەردەستە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێمە هیچ کام لەمانەمان لەبەردەستدا نییە، کەئێمە بەم لاوازییە لیستێك دابەزێنین مافێکی رەوای خۆمانە.

هاوڵاتی: هەڵویستی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم چۆن بووە؟

د.عەبدولمسەور: کاك مسعودیش وتویەتی قەیناکە بادابەزن، بەم لاوازییەش باوەڕ ناکەم هیچ سەرکەوتنێك بەدەست بێنن، ئەمە قسەی خۆیەتی، ئێمەش ئەم قسەیە جێگەی خۆشحاڵیمان بوو، کەڕازی ببنو بەڕاستیش ماڵئاوابوونم کرد. وتم ماڵی ئاوا بێت کە ئەم هەڵوێستە باشە پیشان دەدات، کەواتە کێشەکە دیموکراتیانە چارەسەر دەکرێتو خەڵکەکە بڕیاردەدات، ئەوکاتە لەوانەیە دوو دەنگ بێنینو لەوانەشە یان نەیهێنم یان زیاتریش بێنم.

هاوڵاتی: کەئێوە لیستتان راگەیاند هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بە راگەیاندنی ئەو لیستە چۆن بوو؟

د.عەبدولمسەور: کەئێمە دەستمان کرد بەراگەیاندنی ئەو لیستە بەم ئیمکانیەتە لاوازەی کە هەمان بوو، بەڕاستی دەمگوت بەرهەمەکە بەپێی ئیمکانیات لاواز دەبێت، ئێمە ئەم ئەگەرەمان بۆخۆمان دانابوو، کەچی هەتا دەهات خەڵك رووی لەئێمە دەکرد بەشێوەیەك کەلەخەیاڵی ئێمەدا نەبووە. شێوە قسەکردنەکەش هەر هەمووی لەسەر ئەوە بوو کەلەگەڵ خەڵکمان کردووە، کە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمان بەشێکی سەرەکییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی. ئێمە داواش دەکەین کەلیستەکانی هەڵبژاردن کراوە بێت، چونکە ئێمە رێگە نادەین بەخەڵکێکی گەندەڵ یان بەخاوەنی رابردوویەکی ناپاك بکەونە ناو لیستەکەوە، هەروەختێك زانرا کەبەشێوەیەك لەشێوەکان لەناو لیستی ئێمەدا هەیە، کە ئەم مەرجانەی تێدانییە ئێمە خۆمانی لێ دوور دەخەینەوەو پێیان دەڵێین کە تۆ بۆ ئێمە دەست نادەیت.

خاڵی دووەم لەڕاگەیاندنەکەمان ئەوەبوو، کەئێمە دەرۆیشمان ناوێت، ئێمە خەڵکی ئازادمان دەوێت، ئێمە دەمانەوێت بەپێی توانای خۆمان کۆمەڵگەیەکی کوردی دروستبکەین لەسەر بنەمای ئازادیو دیموکراسیەت، هەروەك لەدروشمەکانی لیستەکەماندا ئاماژەمان پێداوە.

خاڵی سێیەم، ئێمە کەباس لە چاکسازی دەکەین، ئەم چاکسازییە ئەخلاقی سیاسیش دەگرێتەوە، ئێمە لەو بڕوایەداین سیاسەتو ئەخلاق لەیەك جیانابێتەوە، بەپێچەوانەی هەندێك کەسی دیکە کەواتێدەگەن سیاسەتو ئەخلاق هیچ پەیوەندییەکییان بەیەکەوە نییە. بەبڕوای من ئەم رایانە کەسانی وەك ماکیاڤێللیو کەسانی هاوشێوە کاریگەر بوون لەسەریان، ئێمە لەوبڕوایەداین کەهەر کەسێك سیاسەتی ماکیاڤێللی بەکاربێنێت بێجگە لە ئاژاوە هیچ ئەنجامێکی دیکەی نابێت.

هاوڵاتی: کاتێك بارزانی بەقسەی خۆی رەزامەندی دەرخستووە کە ئێوە بۆتان هەیە لیست رابگەیەنن و قسە لەگەڵ خەڵك بکەن، بەشێوەیەکی دیموکراسیانە دەنگ کۆبکەنەوە، کەواتە ئەم هەرەشەیەی ئەو لەچییەوە هاتووە؟

د.عەبدولمسەور: من تا ١١ی مانگ لەبارزان بووم، دواتریش چووم بۆ دهۆك کاتێك بارزانم بەجێهێشتبوو، ئەوکاتە هەرەشە هاتووە بۆ بارزان دژ بەمن، کەپێی رابگەیەنن لەهەر جێگایەك بێت لەمە بەدواوە بەهەر شێوەیەك بێت دژی دەوەستین، بەئاشکرا وتوویەتی ئەمە لێدانەو باگلەیی نەکات، کاتێکیش کە دهۆکم بەجێ هێشتوو هاتم بۆ سلێمانی بەمەبەستی وانە وتنەوەم لەزانکۆی سلێمانی لەوێش هەرەشەیەکی دیکە بەمن گەیەنراوە، کە مەسعود بارزانی دەڵێ ئێمە هەموو بازگەکانیشمان تەبلیغ کردووە، کە دژی د.عەبدولمسەور بەهەموو شێوەیەك رەفتار بکەنو دەشڵێت من بەرپرسیار نیم لەهەڵوێستی ئەم خەڵکانە ئەگەر شتێکی لێ بەسەرهات، لەبەرئەوە واچاکە نزیکی ئێرە نەبێتەوەو نامەوێت لەو ناوچەیەی کەمن حوکمی تێدا دەکەم نزیك بێتەوە، ئەگەر نا گلەیی لەمن مەکەن، چونکە خەڵکی تر بەرپرسە لەم رەفتارانەو من بەرپرسنیم.

ئومێدەوارم کە کەسێك رێکبکەوێت کاك مسعود تێبگەیەنێت وەك سەرۆکی حیزبێکی دیموکراتی، ئەمە راستە کەئێمە لەشەڕداین پەس شەڕی هەڵبژاردن کە تەنها قەڵەمو کاغەز بەکاردێت، ئەمە جەنگی جیهانی سێیەم نییە کە کوشتن بەشێك بێت لێی.

هاوڵاتی: قسەی ئێوە لەسەر ئەم هەرەشانە چییە؟

د.عەبدولمسەور: من چوار ساڵە هاتوچۆی هەموو جێگایەك دەکەم (بارزان، دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، حاجی ئۆمەران...هتد) ئازادانە سەردانی هەموو شوێنێکم کردووە، تائێستا هیچ کێشە نەبووە، کە ئەو دەڵێت من خەڵکم تەبلیغ کردووە دژی بوەستنو بەهەموو شێوەیەك بەشێوازی تێهەڵدان کە کوشتنیش دەگرێتەوە، لەم حاڵەتانەدا دژی بوەستنو لەهەمان کاتیشدا دەڵێت من بەرپرسنیم لەڕەفتاری خەڵك، حەقوایە دکتۆرێکی پسپۆڕ لە رەوانێژی ئەم هەڵوێستە تەفسیر بکات. لەلایەك خەڵك هاندەدات کە بمکوژنو لەلایەك بڵێت من بەرپرسنیم!

لەهەمان کاتدا کە ئەم برادەرە خۆشەویستە سەرۆکی حیزبێکە کەناوی لەخۆی ناوە (دیموکرات)، من پرسیار دەکەم ئەم رەفتارە بەچ رەنگێك لەگەڵ دیموکراسیەت دەگونجێت، کە دیموکراسیەت بۆخۆی دەکاتە ئازادی، دەکاتە یەکسانی، دەکاتە رێز لەیەکترگرتن، کەدەکاتە پاراستنی مافی مرۆڤ، کەدەکاتە ئەو مافەی خوا بەهەرچ کەسێکیدا لەوەختی هاتنە سەر دونیا هیچ کەسێك بۆی نییە لێی بسەنێتەوە، بۆ زانیاری هەرەشەکردن لەسەرتاسەری دونیا بە تاوان حیساب دەکرێت، کەچی لێرە بەشێکە لەرەفتاری سیاسی هەندێك خەڵك.

هاوڵاتی: کاتێك ئێوە هیچتان نەکردبێو هیچ تۆمەتێك بۆتان ئاراستە نەکرابێت کەواتە مەبەستی لەم هەرەشانە چی بێت؟

د.عەبدولمسەور: بەبڕوای من ئەگەر سەرۆکی حیزبی دیموکرات، حەزی لێبێت هەر کاتێك بەهۆی ئەوەی هەزاران چەکداری لەبەردەستە کەپارەیان لەخەزێنەی هەرێمەوە بۆ تەرخاندەکرێت، کوشتنی من زۆر ئاسانە، چونکە تەنها چەکێك کەلەبەردەستی مندایە کاغەزێكو قەڵەمێکە، لەبەرئەوە جێی پرسیارە بۆچی هەرەشەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەمن ناگەیەنرێتو ناراستەوخۆ پێم دەگەیەنرێت. جگەلەوە بۆ من لەبارزان پێم ناوترێت هەتا دێمە دهۆك لە دهۆکیش پێم ناوترێت هەتا دێمە سلێمانی، لەرێگای ئاسایشەوە دووجار تەلەفونم بۆکراوەو نێردراون بۆسەر ماڵەکەی من لەدهۆك. ئەمە دەریدەخات کەمەبەستێکی شاراوە لەپشتی ئەم هەرەشانەوەن، کەبەشێکە لەکەمپینێکی گەورە بۆ ترساندنی ئەو خەڵکانەی بەلیستی جیاواز دادەبەزن، نەك بەتایبەت بۆ شەخسی من، چونکە من لەبەردەستی ئەوان بووم بەڵکو زیاتر بۆ ئەوانەی کەلەگەڵ ئێمەدانو ئەوان نازانن کێن، چونکە تائێستا لیستەکە بڵاونەکراوەتەوە کە کێمان لەگەڵە.

بارزانیەکان دەڵێن: بەردێك لەناو تەڕاش بدە بزانە چی لەدەردێت، لێرەدا بەئاشکرایی هەرەشەکردنە بۆ هاوکارانی ئێمە لەناو لیستەکەدا، ئەو دەیەوێت بڵێ، من وەك سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتێکی رەهام هەیە، ئاوڕ نادەمەوە لەهیچ یاسایەك ئەگەر بتوانم ئەمە بە د.عەبدولمسەور بکەم، داخۆ چی لەئێوە دەکەم ئەوانەی کەلەناو لیستەکەدان یان ئەوانەی کە دەنگ بەم لیستە دەدەن.

من بەئاشکرا دەڵێم هەرێمی کوردستانو خەڵکەکەی لەژێر مەترسیدا دەژین، ئەم مەترسییە وای لەخەڵکەکەی کردووە، کە ئازادانە فکر نەکاتو ئازادانە رەفتار نەکاتو ئازادانە زیندەگی نەکات.

من لێرەدا دەپرسم ئەمەیە دیموکراسیەت؟ ئەمەیە هەڵبژاردنی دیموکراسی؟ من داوا دەکەم کەهەموو وڵاتەکانی ئەوروپا بەشداری لەچاودێریکردنی ئەم هەڵبژاردنەدا بکەن، هەڵێکی ئازادانە بۆ ئەم میللەتە تەرخانبکەن، تا بەئازادانە دەنگی خۆی بدات دوور لە مەترسیو هەرەشە، کەمن یەکێك لە قوربانییەکانی ئەم ترساندنو هەرەشە لێکردنەم، بەڵام من پاشەکشە ناکەم، چونکە ئێمە هەر کەسێك کە داغڵی لیستەکەمان دەبێت بەڵێن دەدا کە من لەبەر هەرەشە پاشەکشە ناکەم، من خۆم نافرۆشم بەبەرتیلو پارەی ئەمبەرو ئەوبەر، من خۆم نافرۆشم بە پۆستێکی گەورەتر کە بۆ من تەرخانبکرێت، ئەگەر کردم ئەوە کارێکی نائەخلاقییە.

هاوڵاتی: کێن ئەوانەی بەشداری لیستەکەتان دەکەن؟

د.عەبدولمسەور: چەندین جار ئەم پرسیارەم لێکراوە، بەڵام بۆئەوەی ئەوانەی لەناو لیستەکەدان تووشی کێشە نەبن، پێش ئەوەی تەسلیم بە لیژنەی هەڵبژاردن دەکرێت هیچ ناوێکم ئاشکرا نەکردووە، هەربۆیە هەرەشەکە ئاراستەی من کراوە، چونکە نازانرێت کێی دیکەی تێدایە. ئەوانەی کە لیستەکەدان مامۆستای زانکۆ، ئەفسەرو پێشمەرگەی کۆنو ئافرەتی تێدایە، کە هیوادارین رێژەیان زۆرتر بێت، زیندانیانی سیاسی تێدایە، پارێزەری تێدایەو بەنیازیشین لیستەکە زیاتر بکرێت، بەڵام کات نەماوەو لەبەرئەوە داوا دەکەین لەخەڵکی پاك و خاوەن رابردووی پاك کە یارمەتیمان بدەن بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی لیستەکە، چونکە ئێمە لەسەرو هەموو ئەو کێشانەی هەمانەو لەلایەن هەندێکەوە بۆمان دروستدەکرێت تا سەرکەوتوو نەبین بڕوامان بەسەرکەوتن هەیە، رێگرییەکانیش لەشێوەی رێگری کە دژ بە لیستە سەربەخۆکان دەکرێت، یەك لەوانە رێگری لە دابەزین بەلیستێکی کراوە، پێشخستنی کاتی تەسلیمکردنی لیستەکانو خواش دەزانێت چیتری بەدوادادێت، بۆئەوەی رێگری لەسەرکەوتن بێنێتە پێشەوە، بەڵام ئێمە ئومێدێکی گەورەمان هەیە کە سەرکەوتوو دەبین بەپشتیوانی ئەم میللەتە کە بڕوایەکی زۆری بەچاکسازیو گۆڕانی دیموکراسیانە هەیە.

هاوڵاتی: تەرکیزتان لەسەر چ ناوچەیەکە؟

د.عەبدولمسەور: ئێمە هەرسێ پارێزگاکەمان بەنەزەری ئیعتبار وەرگرتووە (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) وەکو یەکیش بەپێی توانا کارمان لەسەر کردووە.

هاوڵاتی: باس لەوە دەکرێت کەلەوانەیە لەگەڵ هەرکێو سورچییەکان، پێدەچێت هاوپەیمانی بکەن ئەمە تاچەند لە ئەگەردا هەیە، بەتایبەت کە ئەوان کێشەیان لەگەڵ خێزانی مەلا مستەفا بارزنی هەیە؟

د.عەبدولمسەور: ئێمە مەبەستەکانی خۆمان بە کورتی دیاریکردووە، چ هەرکیو چ سورچی بەشێکن لە میللەتی کوردو رێزمان بۆ هەردوولا هەیە، ئەگەر پشتگیری لێبکرێت بەشێوەیەك لەشێوەکان جێگای رێزو سوپاس دەبێت، چونکە ئێمە کوردستان بە وڵاتی هەموو دەزانینو موڵکی تاکە کەسێك نییەو هەتا زیاتر یارمەتی یەکتر بدەین سەرکەوتن ئاسانتر دەبێتو زوتر دێتە دی.

هاوڵاتی: لەگەڵ لیستەکانی تری وەك نەوشیروان مستەفاو جەوهەر نامیق ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێوە هاوپەیمانی بکەن؟

د.عەبدولمسەور: من دووپاتی دەکەمەوە کە ئێمە دژی هیچ کەسێك نینو دژ بەهیچ بۆچوونێك نین، ئامادەییمان هەیە لەگەڵ ئەم لیستانەی کە باستکرد بەچەند شێوەیەکی مومکبن یارمەتی یەکتر بدەین، تارادەیەکیش ئەم هەماهەنگییە هەیە، چونکە مادام خەڵکانی تر بۆیان هەیە هاوپەیمانێتی بەدەست بێنن، بۆ ئێمە ئەم مافەمان نەبێت، من لەپێش ئەوەی مام جەلال بناسم کاك نەوشیروانم ناسیوە، ئەویش بەوشێوەیە بوو کە نێردراوی مام جەلال بوو لەنەمسا لای ئێمە کەپرس بکرێت هەڵوێست بەرامبەر بە داهاتووی کورد چی دەبێت، دوای کارەساتی ساڵی ١٩٧٥.

هاوڵاتی: ئەگەری هاوپەیمانێتی لیستەکەتان هەیە لەدوای هەڵبژاردن؟

د.عەبدولمسەور: من نکولی لەوە ناکەم نەلەپێش هەڵبژاردنو نەلەدوای هەڵبژاردن، لەوانەیە یەکێکیان رووبدات و لەوانەشە هەردووکیان رووبدات، ئێمە ئامادەین بۆ هەر هاریکارییەك بۆ چەسپاندنو پێشخستنی دیموکراسیەت لە کوردستان، نە لەگەڵ کاك نەوشیروانو نە لەگەڵ کاك جەوهەر نامیق کێشەمان هەبووەو نەبەخەیاڵیشمدا دێت لە ئایندەدا بێتە پێش.

هاوڵاتی: بەرنامەی لیستەکەتان چییە؟

د.عەبدولمسەور: لەئامادەکاریداین بۆ تەواوکردنی بەرنامەی لیستەکەو هەوڵ دەدەین کورت بێت، تێگەیشتنەکەی ئاسان بێت بۆ هەر کەسێك. هەوڵیش دەدەین چاکسازییەکی رامیاری بکەین، جگەلەوەی کە دەبێت چاکسازی ئابوریو کۆمەڵایەتی تێدابێت، کە حەز دەکەین ژن رۆڵێکی بەرچاوتر ببینێت بەتایبەت کە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی خوێندەوار هەیە، هەروەها چاکسازی ژینگە لەئاستی کوردستان حیسابی بۆ دەکرێت.

هاوڵاتی: پێتانوایە کە ئەیوب بارزانی لەگەڵ ئێوە خۆی هەڵدەبژێرێت یان نا؟

د.عەبدولمسەور: ئەیوب بارزانی بەشێکە لە کردەوەی رامیاری ئێمەو لەوەڵامی ئێمە بەرز دەنرخێنرێت، بەڵام داغڵبوونی بەلیستەکەمان یان نەبوونی ئەوە بڕیاری خۆیەتیو من ناتوانم قسەی لەسەر بکەم، جگەلەمەش بەبڕوای من تەنها پیسپۆڕی مێژوویی کەلەسەر ناوچەی بارزان هەمان بێت کاك ئەیوبە.

هاوڵاتی: دابەزینی ئێوە بەلیستێکی سەربەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی بنەماڵەیی، بنەماڵەی بارزانی یان پێتانوایە نارەزایەتییەك هەیەو پێویستە ئێوە رابەرایەتیی بکەن؟

د.عەبدولمسەور: هەڵوێستی سیاسی هەر وەختێك کردت بەکێشەیەکی کەسایەتی، هەرگیز سەرکەوتوو نابیت، بەپێچەوانەوە هەندێکجار مەسائلی مێژوویی خۆی فەرز دەکات بەسەر تۆدا، ئێمە بەتێڕوانینی خۆمان وادەزانین کەدروستکردنی ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمان داخوازییەکی مێژوویە، نەلەبەر خاتری هیچ کەسێك دەیکەینو نەلەدژی کەس، تەنها دەمانەوێت نوقسانییەکی گەورە لەسیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان پڕ بکەینەوە، ئەمەش بەثەرکی خۆمانی دەزانین، هەڵبەت ئێمە تێبینیمان کردووە کە گلەییەکی زۆر گەورە هەیە لەناو میللەتو حکومەتی هەرێمیش کێشەی زۆری هەیە، ئومێدەوارین بەشداری بکەین لەچاکسازییەکە.

هاوڵاتی: عەبدولسەلام بارزانی کەبرای بەرێزتانە لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان توانی بەسەر رکەبەرەکەیدا کەپارتی بوو سەربکەوێت ببێتە سەرۆکی شارەوانی بارزان، ئەمە تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر دابەزینی ئێوە بە لیستی سەربەخۆ؟

د.عەبدولمسەور: گەورەترین سەرمایە کەئێمە هەمانە رابردوویەکی پاکە، لێرەوە متمانەی خەڵك بەئێمە دەردەکەوێت، کاك عەبدولسەلام برای گەورەی خۆمان بەهەمان شێوە ئەم رابردووە پاکەی بوو بە هۆکاری سەرکەوتنی لەهەڵبژاردن، ئەو کاتەش کەس بڕوای بەوە نەدەکرد ئەو هەموو دەنگە بهێنێت، وەك چۆن ئێستا کەس بڕوای نەدەکرد ئەوەندە پشتیوانی لەئێمە بکرێت، ئەویش لەکاتی هەڵبژاردندا دەردەسەری زۆری بۆ دروستکرا، کەلەکۆتاییدا هەر بردیەوە، بۆ من جێگەی شانازییە کە برا گەورەکەی من بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیو هەرەشە توانی لەهەڵبژاردن سەربکەوێت، هەڵبەت ئەم رەفتارە دیموکراسییە بۆ ئێمە دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ چاولێکەری، کەهەرگیز پەنا نەبەینەبەر توندوتیژیو دژایەتیمان بکرێت بەشێوەیەکی دیموکراسیانە وەڵامیان ئەدەینەوە کەمافی خۆمانە.

هاوڵاتی: تێڕونیتان بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان چۆنە، بەتایبەت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانو تاچەند پێتانوایە هەڵبژاردنێکی نەزیهانەو دوور لە مەترسیو توندوتیژی ئەنجام دەدرێت؟

د.عەبدولمسەور: مەرجێکی سەرەکی بۆ دیموکراسی فەراهەم کردنی ئازادیەکی تەواوە بۆ خەڵکێك کە دەچێتە سندوقەکانی دەنگدان، ئەگەر تۆ هەرەشەت لەکابرا کردو نەیتوانی ئازادانە رای خۆی دەربڕێت، ئەمە گاڵتەکردنە بە خەڵكو راستەوخۆش بەرەو دەسەڵاتی رەها دەروات، چونکە بوونی پەرلەمان بەبێ پراکتیزە کردنی رەفتاری دیموکراتی واتای ئەوە ناگەیەنێت کەهەرێمەکە دیموکراتییە، زۆرجار پەرلەمان دەبێتە واجهەیەك بۆ گاڵتەکردن بەعەقڵی میللەت، بەتایبەتی میللەتێك کە تەجروبەی دیموکراسی نەدیووە.

د. عەبدولمسەور بارزانی

من بەئاشکرا دەڵێم هەرێمی کوردستانو خەڵکەکەی لەژێر مەترسیدا دەژین، ئەم مەترسییە وای لەخەڵکەکەی کردووە، کە ئازادانە فکر نەکاتو ئازادانە رەفتار نەکاتو ئازادانە زیندەگی نەکات